**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٦٦٦٦ لە ٢٠٢٥/٨/١٢**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) وە بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٦٥٢٤) لە ٢٠٢٥/٥/٢٥ وە بڕیارماندا بە:-

١- یەکخستنی هەردووبانکی (چوارتا و ماوەت) لە سەر میلاکی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە ژێر ناوی بانکی چوارتا .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٧٦٦١ لە ٢٠٢٥/٩/١٥**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگە (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٠٦٤٢) لە ٢٠٢٥/٩/١ ، بڕیارمان دا بە:

١- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت و خانووبەرە) لە قەزای سێمێل لە سنووری پارێزگای دهۆک سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**